# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خۆی دەشۆرد بە ئاوێک کە بە ئەندازەی صاعێک^ دەبوو هەتا لەوەیە بە ئەندازەی پێنج مود^^ بووایە، وبە یەک مود دەستنوێژی دەگرت

له ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خۆی دەشۆرد بە ئاوێک کە بە ئەندازەی صاعێک^ دەبوو هەتا لەوەیە بە ئەندازەی پێنج مود^^ بووایە، وبە یەک مود دەستنوێژی دەگرت».
^(صاع: ئەندازەی پێوانەی ئەو سەردەمە بوو کە ئێستا بە ئەندازەی 4مشت ئاو دەکات)، ^^(مود: ئەندازەیەکی پێوانەی ئەو سەردەمە بووە کە ئێستا بە ئەندازەی 1مشت ئاو دەکات)
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خۆی دەشۆرد لە لەشگرانی بە ئاوێك كە بە ئەندازەی صاعێك^ بۆ پێنج مود^^ بوو. ^(صاع: ئەندازەی پێوانەی ئەو سەردەمە بوو، چوار مود صاعێکە)، ^^(مود: ئەندازەیەکی پێوانەی ئەو سەردەمە بووە، هێندەی قەبارەی هەردوو چنگی دەستەکانی مرۆڤێکی قەبارە دەستی مامناوەندە)



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee